# كورتەیەك لە وەسفی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت) لە قورئانی پیرۆز

**[ بە كوردی ]**

نبذة عن وصف النبي صلى الله عليه وسلم في القرآن الكريم

[اللغة الكوردية]


**نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز**

المؤلف : بشتيوان صابر عزيز



**نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی ڕەوەندەكان لە شاری ڕیاز**

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

2008 -1429

islamhouse.com

## کورتەیەك لە وەسفی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت) لە قورئانی پیرۆز

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز باسی لە منەتێکی گەورەرە دەکات کەتا رۆژی دوایی قەرزێکە لە ملی هەموو باوەڕ دارێك، ئەویش ناردنی حەزرەتی (محمد) ە(درووودی خودای لەسەر بێت) خوای گەورەرە دەفەرموێت": {لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَث فِيهِمْ رَسُولا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُبِينٍ} [آل عمران:164 ].

هەروەها باس لەپلەو پایەو مەکانەتی پێغەمبەر دەکات درووودی خودای لەسەر بێت "النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُوْلُو الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلاَّ أَنْ تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُمْ مَعْرُوفًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا)) [ الأحزاب ٦ ]. هیچ کەسێك وهیچ شتێك وەك پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەباوەڕدار نزیك نیە وەشیرین تر نیە، لە ئەنەس دەگێرنەوە رەزای خوای لەسەر بێت: "لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده وولده والناس أجمعين" [متفق عليه ].

لەم کاتەدا ئیمامی عومەر _ خوای گەورەرە لێی رازی بێت _ زۆر بەراشکاوی قسەیەك دەکات لەبەردەم پێغەمبەر ـ درودی خوای لەسەر بێت دەلێت :"ئەی پێغەمبەری خودا من تۆم لەهەموو کەس خۆشتر دەوێت لەباوکم و کورم و خەڵکان و ماڵم. پێغەمبەر پێی فەرموو: ئەی عومەر لەگیانی خۆت! ئیمامی عومەر ووتی: تا ئێستا نەگەیشتوومەتە ئەم ئاستە!. پێغەمبەر فەرمووی: عومەر هێشتا ماوتە!. ئێنجا دوای دەمێك ئیمامی عومەر هاتەوە خزمەتی و ووتی: ئێستا ئەی پێغەمبەر لەخۆشم خۆشەویست تری. پێغەمبەر فەرمووی: ئێستاکە عومەر تەواو بوو !

قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێن باسی ئاکارو خورەوشتی پێغەمبەری کردوە و ئێمە لەم دەرفەتەدا تەنیا تیشك دەخەینە سەر هەندێك لەم لایەنانەی کە

قورئانی پیرۆز باسی لێوە کردوە، چونکە ناتوانین هەموو وەسفەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) کەخودای گەوەرە لەقورئاندا باسی کردوە بیخەینەروو، چونکە ئەم کارە پێویستی بەچەندیین کتێب و لێکۆلینەوە هەیە. ئەلێرانە تەنیا چەند نمونەیەك دەخەینەروو وەك :

1- کاتێك خودای گەوەر باس لە پێغەمبەران دەکات بەناو ناویان دەهێنێت وەك:" یا ادم، یا نوح، یا ابراهیم ، یا موسی، یا عیسی، یازکریا، یا یحیی تادوایی بەلێم لەکاتی ناو هێنانی پێغەمبەر بە: یا ایها النبی، یا ایها الرسول، یا ایها المدثر، یا ایها المزمل ".

2- وەیەکێك لە تایبەتمەندیەکانی بۆ گشت جیهان نێردراوە خوای گەورە دەربارەی حەزرەتی عیسی دەفەرموێت: {وَرَسُولا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ}، وە دەربارەی حەزرەتی هود دەفەرموێ: {وإلى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا}... تادوایی، بەلێم سەبارەت بەحەزرەتی محمد صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: {وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إلا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا}. هەروەها دەفەرموێت: {مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ ولكِنْ رَسُول اللَّهِ وخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا }.

* هەروەها لە فەرموودەدا هاتوە:"لەئەبی هوریرە دەگێرنەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: مثلي ومثل الأنبياء من قبلی کمثل رجل بنی بنیانا فأحسنه وکمله إلا موضع لبنة من زاوية من زواياه فجعل الناس يطوفون به ويعجبون ويقولون هلا وضعت هذه اللبنة، قال: فأنا تلك اللبنة وأنا خاتم النبيين"{صححه الألبانی }.

هەروەها خودای گەورە وەك ڕێز لێنانێك لە پێغەمبەر پەیمانی لەهەموو پێغەمبەران وەر گرتوە هەر کاتێك پێغەمبەر هات سەری خەن وپشتگیری ونەسەرەتی بدەن و هەروەها خۆشیان _ واتەپێغەمبەران _ گەواهی دەرن لەسەر ئەم عەهد و پەیمانە:{وإِذ أَخَذَ اللَّهُ مِيثاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا ءاتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أأقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ }.

* خودای گەورە خۆی ناساندنی پێغەمبەری ڕاگەیاندوە لەڕابوورد و لە ئێستا و ئایندەدا، بەڵگەشمان گەلێك زۆرە هەر لەژمار نایەن، ئەگەر هەستین بە بەراوردێك لەنێوان سەرەتای سەرهەڵدانی بانگەوازی پێغەمبەر(درودی خودای لەسەر بێت) لە(مکە) لەنێوان کۆچ و ئەشکەنجەی موسڵمانان و

فتوحات ئەوان بەڵگەن لەسەر{وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ}.قەتادە دەڵێت: "خودای گەورە یادی پێغەمبەری لەدونیاو رۆژی دوایی بەرز ڕاگرتوە، هەرچی وتار خوین نوێژ خوێنێك هەیە دەبێ رۆژێ پێنج جاران بڵێت: أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله".

* لەسورەتی (النجم) چەند وەسفێك دەخاتە پاڵ حەزرەتی (محمد) (دروودی خودای لەسەر بێت ):

1. سەقامگیرو دامەزراوی پێغەمبەر درودی خودای لەسەر بێت((مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ ومَا غَوى)) .

2. راست گۆیی پێغەمبەر درودی خودای لەسەر بێت ((ومَا ينْطقُ عَنِ الْهَوى)) .

3. هاوڕێیەتی ئەمینی نیگاە کە مەبەستی جبریلە((عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى)) .

4. ساغ وسافی چاوەکانی لەهەر دیمەنێکی شەیتانی و هەڵخەلەتاوی((مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طغَى))

5. ساف وبێگەردی سینەی((أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ))

6. رەوشت بەرزی ((وإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)) .

لە کۆتاییدا داواکارین لە خوای گەورە خۆشەویستی پێغەمبەرەکەمان زیاتر بکات لە ناو دڵ و دەرونماندا.